# پـــرێـسـنــامـــه

## مێدیای کوردی فاکتەرێکی گرنگی سەرکەوتنی کوردە

**کورد گەلێکی چەوساوە و داگیرکراوە** هەر بۆیە بەردەوام لە خەباتی چەکداریدا بووە بۆ سەندنەوەی مافەکانی خۆی بەڵام بەداخەوە تائێستا بەتەواوی سەرکەوتو نەبووە. ئاشکرایە سەختی ئەو خەباتە بۆتە هۆی شەهیدبوونی سەدان هەزار کورد و سەدان هەزارانی تریش ئاوارەی دەرەوە کوردستان بوون.

ئەمرۆ کە ژمارەیەکی زۆری ئەو ئاوارە کوردانە لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا نیشتەجێ بوون و بونەتە هاوڵاتی ئەو وڵاتانە. **ئێستا ئەو کوردانە رەوەندێکی گەورەن و دەتوانن بەخەباتی سیاسی ببنە پشتیوان و لۆبییەکی بەهێزی بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردستان**.

ئەگەر کوردانی ئەو کۆمەڵگایانە رەوەندێکی چالاک بن و لە چالاکییە چارەنوسازەکانی ئەو وڵاتانەدا بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداربن، ئەوا بێگومان نەک فەرامۆش ناکرێن، بەڵکو دەبنە فاکتەر و گروپێکی فشاری گرنگ کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە حسابیان بۆ دەکرێت و گوێ لە داخوازی و بیروراکانیان دەگیرێ و لەهەمان کاتدا گرنگی زیاتر بە کێشەکانی کوردستان دەدرێت. بەڵام چۆن چەپڵە بە یەک دەست لێنادرێت، ئەوا ئەو کارەش تەنها بەس بەوان ناکرێت بەڵکو دەبی بە تایبەتی مێدیا کوردییەکانیش هاوکاربن.

لەم سەردەمی عەولەمەیەدا کە بوار و ئامرازەکانی پەیوەندی زۆر گەشەی سەندووە و حکومەتی هەرێمی کوردی هەیە و هەلومەرجێکی لە بارتر هاتۆتەکایەوە بۆ کورد کە دەتوانرێ باشتر سودی لێوەر بگیردرێت بۆ پشتیوانی لە داخوازیەکانی گەلی کورد.

لە ناو کوردانی هەندەراندا چەندین کەسی چالاک و ناودار و سیاسی هەن بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە رەوەندی کوردی بەگشتی وەک هێزێک چالاک بن و کاریگەریان هەبێ.

بۆ ئەوەش پێویستە حیزب و میدیاکانی کوردستان گرنگی بە رێخستن و چالاکردنی ڕەوەندی کوردی لەو وڵاتانەدا بدەن چونکە چالاکیەکانی ئەوان چەندین دەسکەوتی باشی بۆ گەلی کورد و بۆ میدیاکانیش تێدا دەبێ.

بۆ نمونە مێدیای کوردی دەتوانێ رۆڵی گرنگ لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی لێیە ببینێ وە کوردەکان کاریگەری پۆزەتیفیان لە ڕێگای دەنگدان و کاری سیاسیەوە لەسەر ئەو وڵاتانە هەبێ.

بێگومان مێدیاکانی کوردستان، کە بینەر و بیسەر و خوێنەریان لە دەرەوە زۆرە و پەیوەندیان باشە لەگەڵ رەوەندی کوردی، دەتوانن حیزبەکان و کاندیدە کوردەکانیش بە جەماوەر بناسێنن لە هەمان کاتدا بە هەواڵ و زانیاری و مێزگرد گرنگی دەنگدان روون بکەنەوە و هانی کوردەکان بدەن کە هەموو دەنگ بدەن.

بۆ نمونە لە سوید لە رۆژی 9/19 هەڵبژاردنی گشتیە کە بەپرواى من مێدیای کوردی، دەتوانێت لە دوو ڕێگاوە رۆڵی گرنگی خۆیان ببینن.

**1/ هاندانی هەموو کوردەکانی دانیشتوانی سوید بۆ** دەنگدان و بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا. ئەگەر زۆرینەی کوردەکان دەنگ بدەن ئەوا بێگومان رەوەندی کورد دەکەنە فاکتەرێکی بایەخدار بۆ کوردستان بۆ سوید.

**2/ دەرخستن و ناساندنی کاندیدە کوردەکان** بۆ ئەوەی ڕەوەند کوردی پێیان ئاشنا ببن و دەنگیان پێبدەن بەو هیوایەی چەندان کاندیدیان بگەنە پەرلەمان و ئۆرگانە سیاسییەکانی سوید.

بۆ هاوکاری میدیای کوردی لەگەڵ ئەم پرێسنامەیەدا هەندێک زانیاریم لەسەر هەڵبژاردنەکانی سوید و کۆمەڵێک لەو کاندیدانە، بەتایبەتی کاندیدەکانی سۆسیالدیموکراتەکان، پارتی چەپ و سەوز کە **هاوپەیمانی سوروسەز**یان پێکهیناوە، هاوپێچ کردووە.

**هـیـوا کـاردۆیـی**
ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمی رۆژئاوای سوید لە لیستی سۆشیالدیموکراتەکان
تەلەفون: 0046707866511
www.s-info.se/cardoi

2010-9-14

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com